# ئۆباما بۆچی کەڵک لە قەیرانی ئێران وەرناگرێ؟

ئیدریس ئەحمەدی

ئۆباما لە تازەترین لێدوانیدا سەبارەت بە کردارەکانی رێژیمی ئێران دژ بە خۆپێشاندەران زۆر بە توندی ئەو رێژیمەی مەحکووم کرد و گوتی ئەو رێژیمە "لە رێگای وەحشەت و ستەمکارییەوە" حکومەت دەکاو تەنانەت لە سەروبەندی "رۆژە پیرۆزەکانیشدا" خۆ ناپارێزێ لەبەکاربردنی "مستی پۆلایی و درندایەتی." هەروها ناڕاستەوخۆ بە خۆپێشاندەرانی ڕاگەیاند؛ "من دڵنیام مێژوو پشتیوانی ئەوانەیە کە خوازیاری دادپەروەرین." ئەگەر ئەو لێدوانانەی ئۆباما لەگەڵ لێدوانەکانی ناوبراو لەمڕ ڕووداوەکانی پاش هەڵبژاردنی هاوینی ٢٠٠٩ بەراوەرد بکەین، دەبینین کە، بە پێچەوانەی ئەوکات، ئەم جارەیان بێ ئەملاو ئەولا رێژیمی ئێران مەحکووم دەکا.

سەرەڕای ئەو جیاوازییە، تازەترین لێدوانی ئۆباما نابێ وەک ڕەنگدانەوەی گۆڕان لە سیاسەتی ئەمریکادا بەرانبەر بە ئێران ببیندرێ. بەڵکوو ئەو لێدوانانەی ئۆباما زۆرتر هەوڵێکە بۆ نەرمکردنەوەی ئەو ڕەخنە نێوخوییانەی کە سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئێران، بەرەوڕووی ئیدارەی ئۆباما بوەتەوە. ڕەخنەگران، کە زۆربەیان نوێموحافیزەکارن، خوازیاری ئەوەن ئامریکا هەموو توانای خۆی بەکاربەرێ بۆ پشتیوانیکردنی خۆپێشاندەران بە مەبەستی ڕۆخاندنی رێژیمی ئێران.

باشە ئۆباما بۆ کەڵک لە قەیرانی نێوخۆیی ئێران وەرناگرێ؟ ئەو قەیرانە وەک دەرفەتێکی زێڕین دێتە بەرچاو بۆ ئەوەی ئامریکا، بە بێ دانی نرخێکی زۆر، یەکێک لە دوژمنە سەرسەختەکانی خۆی پێ بڕووخێنێ.

پێم وایە ئۆباما لە بەر دوو هۆ ئەو کارە ناکا.

یەکەمیان ئەوەیە کە خۆپێشاندەران سەرەڕای قوربانیدانی زۆر ناتوانن رێژیم بڕۆخێنن. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە سوپای پاسداران، کە ئێستا تەنها فاکتەرێکە کە کۆماری ئیسلامی ڕاگرتووە، گورزی گەورەی خۆی نەوەشاندووە. مەسەلەیەک کە هێشتا ڕوون نیە ئەوەیە کە ئەو کەلێنەی کە ئێستا کەوتووەتە نێوان جەناحەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، ئایا سوپای پاسدارانیشی گرتووەتەوە یان نا؟ ئەگەر ئەو دووبەرەکییە سوپای پاسدارانیش بگرێتەوە، ئەوجا پێم وایە ئۆباما لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرێ. لە ڕاستیدا، لە حاڵەتێکی وادا، پێویستی نەدەبوو ئامریکا هەوڵێکی زۆر بدا، چوونکە ئەو دووبەرەکییە تەرجومە دەبوو بە شەڕی نێوخۆیی. بەڵام تاکوو ئێستا هیچ نیشانەیەک لەو پێوەندییەدا نیە و بۆیە ئۆباما نیشانی داوە کە ریسک ناکا و حیساب لەسەر فاکتەری نەزانراو ناکا.

دووهەمیان ئەوەیە کە ئەگەر "بزووتنەوەی سەوز" سەرکەوێ، دەتوانێ لە بەردەم هەوڵەکانی ئامریکا بۆ پێشگرتنی کۆماری ئیسلامی لە وەدەستهێنانی چەکی ناوکیدا، گرفت دروست بکا. هۆیەکەشی ئەوەیە کە رێبەرایەتی ئەم بزووتنەوەیە، لە سەروی هەموویانەوە موسەوی، لەگەڵ

خامنەی و ئەحمەدینژاددا لە سەر مەسەلەی ناوکی جیاوازیی بۆچوونیان نیە. بەرنامەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی بەرنامەیەکی ستراتیژیکە و کۆی جەناح و لایەنەکانی ڕێژیم لەسەری کۆکن. ئەگەر بزووتنەوەی سەوز (کە سەرکردایەتییەکەی گۆڕینی حکومەتی ئەحمەدینژادی دەوێ نەک گۆڕینی ڕێژیم) سەرکەوێ، بە شەرعیەتێکی زۆرترەوە دێتە سەرکار کە، بە پشتبەستن پێی، دەتوانێ بەرانبەر بە فشارەکانی ئامریکا قایمتر ڕاوەستێ. گەرچی لە ئاست جەماوەریدا ئەم بزووتنەوەیە وادیارە داخوازیەکانی رادیکاڵتر بووە – واتە ئێستا تەنها گۆڕینی حکومەتی ناوێ بەڵکوو وا پێ دەچێ گۆڕینی ڕێژیمیشی بوێ – هیچ گارانتییەک نیە کە ئەگەر موسەوی لە جێگای ئەحمەدینژاد دابنرێ، خەڵکەکە بە گۆڕینی حکومەت ڕازی بن و بەو شێوەیە کۆماری ئیسلامی خۆی لەم قەیرانە رزگار بکا و بەرنامە ناوکییەکەی گەشە پێ بدا.

لە پێوەندی لەگەڵ هەردوو ئەو فاکتەرانەدا، مەسەلەی وەخت بۆ ئۆباما ئەساسە. ئۆباما بەو پێشنیارەی کە بە ئێرانی داوە – واتە ناردنەدەروەی ئەو یۆرانیۆمەی کە لە ئاستی نزمدا پیتاندویەتی و وەرگرتنی یۆرانیۆم لە ئاستی بەرزدا بۆ ریاکتۆرە پیزشکییەکەی لە تاران – لە ڕاستیدا مەبەستی کڕینی کاتی زۆرترە تاوەکوو پێی وابێ بەو شێوەیە کۆتایی بە قەیرانی ناوکیی کۆماری ئیسلامی بێنێ. تەنانەت ئەگەر ئۆباما بڕیار بدا کە لە کردەوەدا پشتیوانی خۆپێشاندەران بکا، ڕوون نیە کە چەندە بخایەنێ تاکوو خۆپێشاندەران بە ئامانجەکانیان بگەن. لە بەر ئەم ناڕوونییە، ئۆباما دیسانەوە حیساب لەسەر فاکتەرێک دەکا کە زانراوە، واتە ئەو واقعیەتە کە دەسەڵات لە ئێراندا لە دەست خامنەیی و سوپای پاسداران دایە. ئۆباما دەزانێ کە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێران یانێ گفتوگۆکردن لەگەڵ سوپای پاسداران و خامنەیی.

لە بەر ئە دوو هۆیەی کە باسیان لێ کرا، ئۆباما پێی باشترە کە لەگەڵ سوپایی پاسداران و خامنەییدا لە سەر مەسەلەی ناوکیی بە ڕێکەوتنێک بگا. ئۆباما پێی وایە کە بە دانی ئیمتیاز و هاوکات هەڕەشەی گەمارۆی توندتر، بە پشتیوانییەکی زۆرتری نێودەوڵەتی، دەتوانێ بەو ئامانجە بگا.

ئۆباما لە حاڵی حازردا لە سیاسەتی دەرەوەدا ئەولەویەت دەدا بە ئەفغانستان. هۆیەکەشی ئەوەیە کە پێی وایە ئەگەر ئەفغانستان سەقامگیر نەبێ، تاڵەبان دەتوانن دیسانەوە دەسەڵات بەدەستەوەبگرن و ئەو وڵاتە ببێ بە پەناگای ئەلقاعیدە. بۆیە سەبارەت بە ئێران لە کاتی ئێستادا تەنها هەوڵی کڕینی کات دەدا.